# مەبەست لە ژیان؟

م...زەریا

ماوەیەکە پرسیارێکی سەرەکی لە مێشکم دا دێت و ئەچێت، پرسیارێک کە بەشێک لە ژیانمی پێکهێناوە لەو ماوەیەدا. مرۆڤ بونەوەرێکی ئالۆز "پێچیدە"ە.ئەو ئالۆزیەش لێ تێگەیشتنی دژوار کردووە. لە روانگەی جۆراوجۆرەوە تەعریفی زۆر لە مرۆڤ کراوە. مارکسییەکان بە پێی کاریگەریان لە وتەکەی مارکس مروڤیان پێ "ئاژەلێکی کۆمەلایەتی یە" کەسانێکی تر هەن کە پێان وایە مروڤ "ئاژەلێکی ئەبزارسازە"هەندێ کسی تریش هەن کە ئەلێن مروڤ "ئاژەلێکی بیرمەندە"و هەروەها پێناسەی تری وەک " ئاژەلێکی زمان زان"،" ئاژەلێکی بەرتەر"و ...بۆ مروڤ بە کارهاتوە.بە بڕوای من مروڤ هەمووی ئەوانەیە و مروڤ لە رێگای ژیانی کۆمەلایەتی یەوە و بۆ بە دەست هێنانی خواردن و پێداویستیەکانی ژیان ئەبزاری سازکردوە و بۆ سازکردنی ئەبزار بیرومێشکی بەکارهێناوە و بۆ تێگەیشتن لەیەکتر و بۆ بەوێنە دەرهێنانی سروشتی دەوروبەریان کەڵکیان لە زمان وەرگرتوە و هەرئەمانەش چون لە هیچ ئاژەلێکی تردا بەدی ناکرێ، مرۆڤی کردۆتە ئاژەلێکی بەرتەر.بەلام ئاڵۆزی بونی مروڤ پرسیارێک نیە کە سلولەکانی مێشکمیان داگیر کردوە.بەڵکو ژیانی ئەو مرۆڤە و چۆنیەتی بەرێوە بردنی ئەو ژیانە لای تاکە تاکەی مروڤە کانە کە پێویستی بە وەڵام دانەوەیەلای من.مروڤەکان دوای سازبونی ئێسپێرم لە 2 رەگەزی نێرو مێ داو دوای پەیوەندی یەکی جنسی لە نێوان ئەم دو رەگەزەسازدەبێت. ئەم ئیسپێرمانە تێکەڵ دەبن و لە سەدان و هەزاران کۆرۆمۆزم دا کە ململانێیەکیان لە نێوان دا رودەدا یەکیان سەرکەوتن بە دەست دێنێ و دەبێتە هەوێنی سازبونی جێنین .ژیانی مروڤ لێرەدا دەست پێ دەکات.بەلام بە راستی ژیان ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە کۆرپە لە دایک دەبێت و دەکەوێتە شوینێک کە بوێ نامۆیە.هەمووشتێک لە لای جێگای پرسیارە و بە چاولێکردنەکانی ئەوەمان پێ نیشان دەدات.جێی ئاماژەیە کە ئەو مرۆڤە بچکۆلە شوێنی ژیان و دایک و بابی،خۆی هەڵی نابژێری و هەمووی ئەوانە تەسادوفێکە و چون ئەمەش هەتاهاتوە هەروابوە و ناشگوردرێ ،کەوابوو قسەلێکردنی بێ هودەیە.هەر بۆیە دەگەرێمەوە سەر ئەو بەشەی کە دەستپێکی ژیانی مروڤ لە وێ وەیەو ئەویش دوای لە دایک بونیەتی.ئەم کۆرپەیە لە سەردەمی ئێمەدا لە 2 بنەماڵەی جیاوازدا لە دایک دەبێت، بەشێک لە کۆرپەکان لە کۆشی خێزانێکی دەولەمەند و پڕاوپرلە خۆشیەکانی ژیان دا لە دایک دەبن و هێندێکیشیان لە کۆشی بنەماڵەیەکی

هەژار و بەش مەینەت دا چاویان بە ژین دەپشکوێ. (لێرەدا بەشێکی دیکەش کە لە نێوان ئەم دوبەشەی تر داهەیە کە بە هۆی مەیلیان و نزیکبونیان لە لایەنەکانی تر جێگای باس من نین،ئەوچینەش لە کۆمەلگادا بە چینی مام ناونجی دەناسرێ ).بەم شێوەیە لێرەوە یەکە بۆ چون و فکرو تیرۆانینە جیاوازەکان دەست پێ دەکات.ژیانی مروڤەکان بە هۆی هەل و مەرجێک کە تێی دەکەون، بە 2 ئاقاری جیاواز دادەروات.پێش ئەوەی کە باسی ئەم 2 ئاقارە جیاوازە بکەم،بابزانین ژیان چیە؟ژیانی باش کامەیە؟ ژیانی خراپ کام ژیانە؟ژیانی سەرکەوتو کام ژیانە؟...

ژیان لەروانگەی منەوە بریتیە لە موعاملە کردنی کەس یان کەسان لەگەل دەوروبەریەکانیان، لەگەل سروشت و هەموو پێکهاتەکانی دەوروبەری بە مەبەستی هەولٚ دان بۆ وەدیهێنانی ئارەزو ئاواتەکانیان و بەسەربردنی کات و ساتێکی پراوپرلە خۆشی و لەززەت.موعاملە کردنەکەش بە پێی بەرژەوندی کەسەکانە بۆ هەرچی باشتربونی ئەم چرکەساتە لە تەمەن.یانی هەرلە سەرەتای ژیانەوە کە مروڤ چاوی بەژین هەلٚدێ.خەریکی موعاملە کردنەلەگەل مروڤ و سروشتی دەوروبەری خۆی.دواتر کە ساتەکانی تەمەن هەندێ تیپەردەبێت و جیهانی دەروبەر لەسەرمێشک رەنگدانەوەی دەبێت و مروڤەکان هەرچی زیاترلەگەل دونیای دەروبەریان ئاشنادەبن وناسیاویان لەسەر کەرەسەو ئامێرو بونەوەرەکانی دەوروبەریان زیاتر دەبێت.لەبەرئەوەی کە هەرکەسەو بە پێی هەل و مەرجێک کە تێیدا گەورە دەبێت وروانینی بە نیسبەت بازنەی دەوروبەری خۆیەتی ، ئەوشتانەی کەوەک خۆشی و لەززاتی ژیانی ئەو لە مێشکی دا دەگونجێن جیاوازە.هەربۆیە بەرژەوندی یەکانیش بە پێی ئەم هەل و مەرجە کە تێیدا گەورە دەبێت دەگۆردرێت.هەربە پێی ئەم جیاوازی یە لە هەل و مەرجی ژیانی مرۆڤەکان دا بەرژەوەندی یەکانیان جیاوازە.ئیستاش لە سەردەمی ئیمەدا (سەدەی 21)بەرژەوندی یەکان لە تاکێکی کۆمەلٚەوە هەیە هەتا رێکخراو و حیزب و ولات و دەولٚەتان.بەلام بەم تەعریفە لە ژیان دەبێ بزانین ژیانی چاک یان ژیانی خراپ کامەژیانە؟ژیانێک بە بەلای منەوە ژیانێکی باشە کە ئەو موعاملاتەی کە تێیدا دەکرێت و ئەو بەرژەوەندیانەی کە لە پشت موعامەلاتەکانەوەیە،ئینسانی بن.یانی کردارێک بن کە خزمەت بکات بە خۆشی و گەشەی هەرچی زیاتری کۆمەلگا و دەستدرێژی نەکاتە سەر سنوری تاکەکانی تر .ژیانێک بێت کە هەم خۆشی یەکان و لەزەتەکانی ژیانی خۆی تێدا ببینێتەوە و هەم دەستدرێژی نەکرێتە سەرسنوری ژیان و خۆشیەکانی دەوروبەریەکانی.ئەگەر ئەم ژیانە نەتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێ ژیانێکی خراپ دێتە ئەژمار.بەلاٚم لێرەدا دەبێ چەند

شتێکی تریش بەنیسبەت ژیانی چاک و خراپ لێک بدرێتەوە(هەرچەند هەر ئەو باسە خۆی دەتوانێ سەدان لاپەرەی لەسەر بنوسرێ).ژیانی مروڤ یان کۆمەلێک سەرکەوتویەکە بۆ بەسەربردنی کات و ساتەکان بۆ باشتربونی بارودۆخی گوزەران و بۆ هەرچی زیاتربەهرەمەند بون لە ژیانێکی خۆش ،بیری لێبکردرێتەوە.یانی تا ژیان زیاتربەبیرکردنەوە بڕواتە سەرەوە،ئەوەندەش ژیان سەرکەوتوترە و خۆشی و لەززاتی ژیانی هەربەم رادەیە دەچێتە سەرەوە،هەلبەت بەرەچاو کردنی مافەکانی دەوروبەر.بۆ تاکەکان و بۆ کۆمەڵ و ریکخراو و...کە بیر کردنەوە بەسەر عاتیفەدا زاڵ بوو،بێ گومان سەرکەوتن تێیدا زیاتر زەمانەت دەکرێ. بەڵام هەرئەوە بە تەنیا بەس نیە .بەڵکو مروڤەکان دەبێ بۆئەم ژیانەش، یانی بۆ گەیشتن بە خولیاکانیان هەلبەت خولیا واقعی یەکانیان ئامانجێکیان هەبێت .یانی دەبی هەندێ شت بکەنە ئامانج و لە رێگای جۆراوجۆرە خەباتی بۆ بکەن تا بتوانن بە هەمووی ئامانجەکانیان بگەن.

لێرەدا حەزئەکەم شتێک لەسەرئامانج بلێین. ئارەزو ومەیل و ئامانجەکان مافی هەرمروڤێکن .ژیان بە ئامانجەوە جوانتر ،بە ماناتر و رۆمانسی تر دەبیت . بەڵام دانانی هەندێ شت وەک ئارەزو و مەیل کە راستەقینەنین یان بە تەواوی راستەقینەنین و گەیشتن بە ئەوان نەک هەر دژوار، بەڵکودەست پێ راگەیشتنیان هەر مسۆگەر نابێت ،کارێکی هەڵەیە و چونەناو تەخەییولاتە.

مروڤەکان دەبێ ئەو کات و شوێن وهەل و مەرجەی کە بۆ ئەوان لەدەستی دەدەن بیخەنە خزمەت هێندێک لەومەیل و ئارەزوانەی کە دەست پێراگەیشتنیان ئاسانترەو یارمەتی دەری ژیانێکی باشتر لە داهاتودادەبن و هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبن بە پرد .

ئیستا بابگەرێنەوە سەر باسەکەی پیشوو کە ژیانی مروڤ بە پێی هەل و مەرجێک کە تێی دەکەون بە 2 ئاقاری جیاواز دادەروات و زیاترئەم مەسەلەیەرون بکەینەوە.لێرە دا دەبێ هێندێ بگەرێینەوە دواوە و بچینەوە سەرەتای دەسپێکی ژیان کە قۆناغی مروڤە سەرەتایی یەکانە و ئەو کاتە ژیانی مروڤەکان زۆر جیاواز نەبوە و هەمویان ژیانێکی تارادەیەک وەک یەکیان هەبوە و بە پێی تێگەیشتنی لاوازیان لە دەوروبەر ژیانێکی بەختەوەریان هەبوە. بەلام بەدوای ئەم قوناغەدا و لە سەردەمی کۆیلەیی و خاوەن کۆیلەدا ژیانەکان یان بلێن جۆری ژیانەکان دەگۆردرێ و دەبێت بە 2 بەشەوە.بەشێکیان خاوەنی کۆیلەکانن و لە نازونیعمەت دا ژیان بەسەردەبەن و بەهرەمەندن لەهەموی خۆشیەکانی ژیان .ئەوبەشەی ترکە کۆیلەکانن ژیانێکی پراوپر

له مەینەت و چەرمەسەری یان هەبوە و زۆر چارەرەش بون. بەدوای ئەم قوناغەش دا قۆناغی ئاغاورەعیەت دەست پێ دەکات و لەم قۆناغەش دا ژیانی مروڤەکان لە 2 بەشی جیاواز دا خۆی دەنۆێنێ کە ئاغاکان، خاوەن زەوی وزارەکان بون و دەستیان لەرەش و سپی نەداوە و ئەوەی کە ناویشی خۆشی بێت بۆیان دابین بوە.لەهەمان کات دا رەعیەتەکان کە لە سەرزەوی و زاری ئاغاکان کاریان دەکرد و بەرهەمێکیان دەخولقاند،جگە لە خواردن و سەرپەنایەک لە هیچ ئیمکاناتێک بۆ ژیان بەهرەمەند نەبوون و لە مەعامەلاتی ژیانیان دا تەنیا کوێرەوەریەکەیان بەردەکەوت و هەمیشە لە بەرەی زەرەر لێکەوتوەکان بون.بەلام دوای ئەو قۆناغە، کۆمەلێکی تریان بلێن رژیمێکی کۆمەلایەتی تر کە سەرمایەداری یە سازدەبێت و قسەو باسەکەی منیش زیاتر لەم بارەدادەکرێ چون ئیستا ئیمە لەم قۆناغە دا ژیان دەبەینەسەر.بە گەشەسەندنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان و بە پێشکەوتنێک کە بواری پیشەسازی بە خۆیەوەدەبینێ لەم سەردەمەدا چونیەتی ژیان تارادەیەکی زۆر دەگۆرردرێ،ئاستی داواکاریەکان بۆ ژیانی باشتر دەچێتەسەرەوە،ئیمکاناتی ئاسایش و راحەتی روله زیاد بون دەکەن وبە دوزینەوەی کانزاکان و کەلک لێ وەرگرتنیان وبە پێکهاتنی سەروەت و سامانێکی زۆر کە نرخی کاری کرێکار خولقاندویەتی ژیانی مروڤەکان ریگایەکی تردەگرێتەبەر.بەرژەوەندی یەکان جیاواز دەبێت.دەولەتان بەرژەوەندیەکانیان جیاواز دەبێت، موعامەلەکانیش کە بە پێی بەرژەوەندی یەکان دەکرێ دەچنە ئاستێکی ترەوە.ئەوشتانەی کە خۆشی و لەززەتیش لە ژیان دێنە ئەژمار جۆرێکی تریان لێدیت.لێرەدا ژیان بە 2 شێوەیە،وەک 2 رژیمە کۆمەلایەتیەکەی تر بەلام بە جۆرێکی تر .چینێک کە کەمینەن لە کۆمەلگادا ،سەروەت و سامان و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانیان لەبەردەست دایە،ئەرتەش ،زیندان و بەگشتی هەموو ئیمکاناتی سەرکوت کردنیان لە بەردەست دایە.

لەوچینە کۆمەلایەتیەدا کۆرپە، کە لە دایک دەبێت ژیانی بە ئاقارێکی باش داتێپەر دەبێت.(باش لە بواری تێپەرکردنی کات و ساتی ژیان دا).مندال لە هەموئیمکلاناتێک بەهرەمەندە،خاوەنی هەموو جۆرە وەسیلەیەکی یاری و خۆشیەکانی قۆناغی مندالّی یە ،بە پێی خوردو خۆراکی باشی دەبێتە مندالێکی خشپیلانەو جوان و تارادەیەکیش زیرەکترلە مندالانی تر.کە گەورەتر دەبێت هەربە هەمان شێوە لە هەمووئێمکاناتی ئەو سەردەمە کە بۆ لاوێک دەستەبەر کراوە بەهرەمەندە،کە دەرس خۆیندنیشی تەواو کرد، (ئەگەرتەواویشی نەکات) جێگەی باوکی کە خاوەنی کارخانەیان ئامرازێکی بەرهەم هێنانە دەگرێتەوە.هەرلێرەش دایە کە ئامانجی دەبێت بە بەدەست هێنانی پولّ

و پارەیەکی زۆر و هەرچی زیاتر چەوساندنەوەی چینی کرێکار.لێرەدا بەرژەوەندیەکان جیادەکرێتەوە، لەبەرژەوەندی تاکەکەسی یەوە، دەچیتە ناوبەرژەوەندی چینایەتیەوە ولەبەر ئەوەی کە رژیمهایەک کە دەسەلاتدارن، رژیمی سەرمایدارین دەوڵەتانیش بەرژەوەندیان دەبێتە بەرژەوەندی چینایەتی .بەم شێوە ئامانجەکان کە بۆ گەیشتن بە خۆشی و لەززەتەکان و دامرکاندنەوەی ویست و داخوازی یەکانە دەبێ بە ئامانجێکی چینایەتی.بۆگەیشتن بەو ئامانجەش چینی سەرمایەدار رێکخراوەی جۆراوجۆر ، حیزبی جۆراوجۆرو بیروفکری جۆراوجۆری سازکرد تا بێ کەم و کۆری بەئامانجەکەی کە تەنیا بە دەست هێنانی قازانجە بگات .لایەنی بەرامبەری کە چینی کرێکاروتوێژی زەحمەتکێشی کۆمەلگان، خولقێنەری هەموو بەرهەمەکانن و هەروەها خولقێنەری سەروەت و سامانیشن کە ئیستا و لەم باسەدا جێی نیە کە چۆن ئەم سەروەت و سامانە دەخولقێنن.مندالانی ئەم چینە کۆمەلایەتیە کە چاویان بە ژین دەپشکوێ، هەرلە سەرەتای ژیانیان دا بە گیروگرفتێکی زۆرەوە دێنە دونیاوە.هەرلە سەرەتاوە گوڵی هیوای تەمەنیان زەرد هەلگەراوە.لە کەمترین ئیمکاناتی ژیان بەهرەمەندن مالەکانیان ئەگەرکرێ نەبێت، کەلاوەیەکە کە لە قەراغی شارەکان کراوەتەوە.ئەم چینەش بە پێی وشیاریەک کە بەدەستیان هێناوە دەست دەدەنە ململانێیەکی نابەرابەر لە دژی چینی سەرمایەدار و ئامانجێک کە بۆ خۆیانی دیاری دەکەن، رزگاری یەلە دەست هەمووی ئەم زوڵمە و زۆری و چەوساندنەوەیەی کە لە لایەن چینی سەرمایەدارەوە لێیان دەکرێت . ئەم چینەش حیزب و ریکخراوی جۆراوجۆر، کۆروکۆمەل و ئیتحادیەی بۆ خۆی سازکردوەو خۆیان تێیدا ریکخستوەوە لەبەر ئەوەی کە دەزانن بە تەنیایی ناتوانن لە دژی نیزامی سەرمایەداری کە خاوەنی هەموو ئامرازەکانی سەرکوتە بوەستن.ئەم چینە بەرژەوندیان تەنیا لە روخانی نیزامی سەرمایەداری دادەبینێتەوە .تا ژیانیان کە ئیستا پڕاوپڕە لە نەهامەتی و چارەرەشی بەرەو ئاقارێکی تر بروات و رولەباش بون بچێت.

هەڵبەت لێرەدا رەنگە هێندێ کەس بلێن کە ئەمە بۆچونێکە کە تەنیا یەک روانگەی لەبەرچاوبوە .بەلام لە راستی دا هەموو بۆچونە جۆراوجۆرەکانی کە بەتایبەت دوای رێنسانس و عەسری روناکبیری هاتنە ئاراوە، ئەگەر بەوردی لێیان بروانین لەم 2 قاڵبە ناچنەدەرەوە .یان بۆچونێکن کە خزمەت دەکەن بە نیزامی سەرمایەداری .یان بە پیچەوانەوە و لە خزمەت چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەلگا دابون.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم خەباتە کە تەنانەت هێندێ جار بە نرخی گیانی کەس یان کەسانێک تەواو دەبێت ، بایەخی ئەوەی هەیە کە خۆی تێدا فیدابکەی ؟یان هەرژیانی خۆی پێوە ببەستێوە؟ هەر لە سەرەتاوە ئەگەر کەسێکی سەرمایەدار چاوی بەم پرسیارە بکەوێ ، بێ گومان ئەلێت نا،چون ئەگەر ئەم خەباتە لە لایەن چینی کرێکارەوە لە دژی نیزامی سەرمایەداری لە ئارا دانەبێت ، خەیاڵی راحەتەو دەتوانێ شەو بە خەیالێکی ئاسودەوە سەربنێتە سەرسەرین. بەیانیش کە هەستاهەر بە هەمان شێوەی جاران بە کەلک وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتێک کە لە بەردەستی دایە، درێژە بە خوشیەکانی خۆی بدات وجارجاریش سەفەرێکی دورگەکانی قەناری و ... بکات.

بەڵام چینی کرێکار و زەحمەتکیش کە زورینەی کۆمەلگاشن وەلامی ئەرێ دەدەنەوە بەم پرسیارە. ئەوان ئەلێن کە ئیمە چیمان هەیە بۆ لە دەست دان، سەرمایەداریش کە ئیستا لەوپەری خۆشی دایە، بێ گومان خۆشیەکانی لە گەلمان دابەش ناکات. هەربۆیە ئیمەش کە حەزمان لە ژیانێکی خۆشترە لەو ژیانەی ئیستا هەم بۆ خۆمان، هەم بۆ منالەکانمان، دەبێ هەولی بۆ بدەین کەبەدەستی بێنین. و چونکو بە خۆشی پیمان نادەن دەبێ خەباتی بۆ بکەین، تەلەفاتی بۆ بدەین، ناخۆشی بۆ بکێشین تا لەو ژیانە خۆشە بەهرەمەندبین و چیتر چەوساوە، بن دەست، بەش مەینەت و چارەرەش نەبین.

لە سەرەتادا لە تەعریفێک کە لە ژیان کردم، وتم کە هەول و کوشش و کات بەسەر بردنی ئیمە بۆ ئەوەیە ئەوەندی کە لەسەرزەوین ژیانێکی خۆش بۆ خۆمان دەستە بەربکەین ،هەلبەت بە چەندتێبینیەکەوە کە باسم کرد. هەربۆیەمنیش ڕای خۆم دەخمە پال دەست ئەو زەحمەتکێش و ئازار لێنیشتوانەی کە ژیانیان پراوپرە لە رەنج و کوێرەوەری و خۆشیەکانی ژیان بە تەواوی لێیان حەرام کراوە، هەستەکانیان لێ سەندراوەتەوە.

جوانیەکان تەنیاهی سەرمایەدارەکانە، ماشێنی(ئۆتۆمبیل) جوان، ماڵی باش ، ئیمکاناتی باش هەمووی هی ئەوانە.هەربۆیە دەبێ لە دژی ئەم ناعەدالەتیە خەبات بکرێ . ئەمەش بە خۆرێکخستن و کاری بە کۆمەل دەکرێ .بە نزیککردنەوەی بەرژەوەندی یە تاکە کەسیەکان لەیەکتری دەکرێ .بەرژەوەندی ئیمە واتە چینی زەحمەتکێش و کرێکار تەنیا لە خەبات لە دژی نیزامی سەرمایەداری دایە.تەنیا لە رزگاری گشتی مروڤایەتی دایە، کە ئەوەیش تەنیا لە رێگای شورشێکی کارگەری کۆمۆنیستی یەوە دەکرێ.